(مەلەوانی نەزان لەدەریای قوڵدا!) _سەرنجێك لە بارەی ئامانی سیسەمی خوێناوی... سەدیق ساڵەوەندزی

ساڵانێكە وەك خوێنەرێك، بەتاسەوە ئامان دەخوێنمەوە. بەتایبەتیش ئەوانەی نووسەرەكانیان دەسپێكی نووسینیانە لەوبواڕە. خوێندنەوەی ئامان وەك ژانرێكی ئەدەبی بۆ من لەدووڕوانگەوەیە. یەكەمیان چێژو وەرگرتن و خوێندنەوەی تێكستێكی ئەدەبییە، ئەوەی تریان بەمەبەستی دەوڵەمەندكردنی زمانەكەم وئاشنابوونی زیاترە بەزمانی كوردی كەدەبێ ئامانووس شارەزایەكی ووردو زۆری لێ هەبێت. چونكە زانینی زمان و شێوەی داڕشتن و گوزارشتكرن، ئەلف و بێی نووسینی ئامانە. هەركەسێك توانای بەسەرزماندا نەشكێت، باشتر وایە ئامان نەنووسێت. ئەوەی جێگەی سەرنجە لام، لەمیانەی ئەزموونی خۆم وەك خوێنەرێك لەبواری خوێندنەوەی ئامانداا، تا ئەندازەیەكی زۆر گەیشتوومەتە ئەو بۆچوونەی كەبەشێكی زۆری ئەوانەی خۆیان بەنووسینی ئامانەوە سەرقاڵكردووە(نەك ئامانووسن) شارەزایەكی ئەوتۆیان لەزمانی كوردی نییە. نازانن چۆن چەمك وەدەستەواژە و دەربڕین و گوزارشتە زمانەوانییەكان،لەبونیادی زماندا بەرجەستە بكەن.

بۆیە دەكەونە هەڵەی سەیرەوە كەجێگەی پێكەنینە. گەرچی ئەونووسەرانە هەوڵدەدەن لەئامگەی فەنتازیای نووسین و زمانێكی پەخشان ئامێز، جۆرێك لەئستاتیكا بەوشەكان بدەن تاكوسەرنجی خوێنەر ڕابكێشن. بەڵام كاتێ دەچینە قوڵایی وشە و ماناكان، ئیدی دەستەپاچەیی ئەوانمان بۆدەردەكەوێت. ئەم كارەم وەك ئەوە دێتە بەرچاو كەخانووێكی لەخشتی قوڕ(كە ڕواندزییەكان پێی دەڵێن لگبن)دروستكراو، بەچیمەنتۆ سواخ بدەیت.

ئایا ئەو ڕازانەوەیە جێگەی خۆی دەگرێت و شێوەیەكی جوان بەخانووەكە دەدات؟ بێگومان نەخێر. خاڵێكی دیكەیان ئەوەیە كەبەشێكی زۆرلەوانەی بەخەیاڵی خۆیان ئامان دەنووسن، وادەزانن ئەگەر كتێبێكی قەبارە گەورەو ئەستووری شەسەدپاپەڕییان نووسی، ئیدی ئامانیان نووسیوە. بەمەش تووشی كاوێژكردنەوەی وشەو درێژدادێیی و دووبارەبوونەوەی وێنەكان دەبن. بابەتی بەشێكی

زۆرلەوجارە ئامانانە، دەکرێ پووخت و چڕوکورت بکرێتەوەلەچەند هاپەیەکی کەم. یاخود ئەوەی ئامانووس بەوهەموو نووسینەوەیەوە گوتوویەتیی،دەتوانرێت کورت بکرێتەوە بۆچیەکەکی زۆرکورت. نموونەی بەرجەستە لەم ڕووەوە زۆرن گەرخۆنەر مەبەستی بێت ئاماژەیان پێ بدات.لەو ڕوانگەیەوە یەکێك لەوئامانانەی کەلەو ئاژانەدا خۆندمەوە ولەزۆرلایەنی زمانییەوە هەیەو کەماسی هەبوو ئامانی(سیسەمی خۆناوی بوو)*. وەك خۆنەرێك نامانەوێت لەو ئامانە بدوێین کەدنیایەك سەرنج و تێبینیم لەووی بابەت و نووسینەوە لەسەرهەیە.

تەنها ئاماژە بەدەربڕینی چەند وێنەیەکی هونەری و زمانەوانی دەکەین،کەئاستی زانیاریی نووسەرەکەی لەبواری زماندا دەردەخات.ئەم ئامانە، باسی ڕووداوی خۆکوشتنی ژنێك دەکات بەناوی شەونم. شەونم قوتابی بەشی ڕاگەیاندن دەبێت لەپەیمانگادا. لەوەوەکەسێك دەناسێت بەناوی سورکۆو. ئیدی دەبنە خۆشەویستی یەکتری. بەڵام شەونم لەژێرفشاری ماڵەوەیان ناچاردەبێت شوو بەکەسێکی دیکە بکات کەناوی سەرکەوتە. بەڵام لەگەڵ ئەودا بەختەوەرنابێت. تائاژێکییان لەماڵی شەونم لەژوان و بینینێکدا، شەونم و سورکۆو بەیەگ دەگەن و لەوکاتەوەش سەرکەوتی مێردی دەگەڕێتەوە.کە ئەودیمەنە دەبینێت شۆك دەیگرێت. بۆیە سورکۆو دەکوژێت و شەونمیش پەنادەباتە بەربنکەیەکی پۆلیس بۆماوەیەك. دوای ئازادکردنیشی دەچێتە ماڵی دادە پەروین و لەگەل چەندین ژنی ترفێری کاری لەشفرۆشی دەبێت. تادواجار هەرچۆنێك بێت، بۆ ئەوەی بنووسی ئامانەکە بۆمانی باس بکات، شەونم دەگاتە وڵاتی سوێدو بەرلەوەرگرتنی مافی پەنابەرێتی،خۆی دەکوژێت. ئەمە پوختەی ناوەرۆکی ئەوئامانە چوارسەد هاپەیەیە. وەڵێ نووسەربۆ ئەوەی ئامانەکەی درژبکاتەوە، هاتووەچیەکی(ناڕین و نەهرێ)و چیرۆکی(لیان ومۆلی)شی تێکهەکێشی ڕووداوەکان کردووە.

پرسی کوشتنی ژنان بەناوی شەرەف ودیاردەی ژنکوشتن لەکۆمەڵگەی کوردی، هێندە وەك بابەتێك لەنووسین دووبارە بێتەوە، خەریکە لەماناو ناوەرۆك وبەهای خۆی دەکەوێت.نەك هەر ئەمە زۆرجار ئەم بابەتە لەلایەن هەندێك بنووسەوە بۆ خۆ دەرخستن، وەك هەوڵێك بۆ نیشاندان و سوککردنی نەتەوەی کورد لەدنیای دەرەوەدا پیشان دەدرێت.کەکورد چ گەلێکی بەربەری وتێنووی خوێنی ژنانە. تەنانەت لەوئاژانەدا هونەرمەندێك پەیکەرێکی کردووەو شمشێری کردێتە فیگەری سەرەکی پەیکەرەکەی. وەك ئەوەی قۆانی بابەتی هونەری بێت لەم هەرێمەدا.

ئەوانە هێندە بێ ئاگان نازانن لەبەشێك لەوڵاتانی کەنداو، تاچەندێژێك لەمەوبەریش ژنان مافی ئەوەیان نەبوو ئوتومبێل لێبخوورن. ئەمەبەومانایە نییە کەئَمە هەوایەتی بەوکارە بدەین. بەڵام من نازانم لەدوای(گرەوی بەختی هەڵالە)ی (عەتای نەهایی) چ شتێك جوانتر دەنووسرێت لەبارەی نەریتی ژنکوشتن لە وڵاتانی خۆرئاوادا. بۆیەداهێنان ئەوەنییە ڕڕمانووسێك تیمەیەك بکاتە ووداوی ڕڕمانەکەی، کەپێشترچەندین جاری تروجوانتریش باسی لێوەکراوە.لەڕڕمانی سیسەمی خوێناویدا، خوێنەربەرچەندین هەڵەی زەق لەووی زمان و دەربڕینەوە دەکەوێت کەلێرەدا ئاماژەیان پێدەکەم:_
*ڵاپەڕە-7 -نووسیویەتی:_(بۆچوونی ئەو شارە). ئەوەی بۆچوونی هەیە خەڵکی شارە نەك شار.
*ڵاپەڕە 40_نووسیویەتی:(زۆرلەو ئۆوارانەی باوکم لەنوێژی هەینی دەگەڕایەوە). سەیرم پێدێت کەسێك ڕڕمان بنووسێت و خۆی پێ ڕڕماننووس بێت، بەڵام نەزانێت نوێژی هەینی لەنیوەڕڕیانە نەك ئۆواران. هەموو ڕڕکیش نییە، هەفتەی تەنها یەکجارە.
*ڵاپەڕە46_نووسیویەتی:_(دەم و چاوی یەکتریان بەمشتەکڕڕە هێنابوە خوارەوە).شکاندبوو، شیاوترە.
*ڵاپەڕە65_نووسیویەتی:_(پرچەکانی هێندەدرێژبوون تاکەمەری هاتبوون) ئەرێ ئافرەتان تەنها پرچکییان هەیە یان چەند پرچێك؟ئەگەر مەبەستیشی کەزی و تاڵە موبێت، ئەوان جیاوزن.

*ڵاپەڕە74-نووسیویەتی:_(چاوەکانی وەك دووهێلکە دەرپەقیبوون). هیچ ئستاتیکاو چێژێك لەودەربڕینە نامێیە هەیە؟
*ڵاپەڕە 74-نووسیویەتی:_(نارین بەدەستە گێشتنەکانی) کەچی سەیرلەوەدایە لەڵاپەڕە(67) نووسیبووی(نارین بەدەستە باریکەکانی). سەدان جارکەوتێتە بەرچاوم نووسەربیری چێتەوە پێشترچی نووسیوە. لەبەردرێژکردنەوەی نووسینەکەی کەهەرمەبەستی بووەشتێك بنووسێت!.
*ڵاپەڕە 99_نووسیویەتی:_(هەردووکمان وەك چۆن سەگکی برسی ئسقانێك دەلێسیتەوە یەکتریمان دەلێستەوە)ئەگەردووکەس زۆر یەکتریان خۆشبوێت و تامەزرۆی یەکتری بن، ئایا وەك سەگ یەکتری دەلێسنەوە؟یان یەکتری ڕادەموسن؟.

*ڵاپەڕە 131-نووسیویەتی:_(ترسی عشق دڵی خنکاندبووم).
*ڵاپەڕە136-نووسیویەتی:_(قسەلەدەمم خلیسکا). خۆناوەمی مرۆڤ سەهۆڕبەندان نییە، تاقسەی لێ هەڵخلیسکێ.قسە لەدەم دەردەچێ.
*ڵاپەڕە 140-نووسیویەتی:_(بەواستە شەقامەدا شۆڕبوومەوە).

کەاستە شەقامە، نازانم شەبوونەوەکە لەکوەدایە؟.
*هاپەرە 147_ نووسیویەتی:_(تایەی لاستیکییان دەسووتاند). تایە خەی لاستیکە، جگەلەمەش ئەوەی دەسووتەندرەت هەرتایەی لاستیکە، خەی تایەی ئاسن ناسووتەنرەت.
*هاپەە 148-نووسیویەتی:_(کەف و کوەی ناخی بەوەنەتەوە).نووسەر جیاوازی نەکردووە لە نەوان دامەکاندنەوەو ەوانەوە.
*هاپەە 178-نووسیویەتی:_(موچرکەك هەموو جەستەمی لەرزاند).نووسەر تەزاندن و لەرزاندنی لە تەکەە بووە!.
*هاپەە 192-نووسیویەتی:_(دەم وچاوەکەی ئەوەندەی ترتاترببوو). دەم و چاو گرژ،مان، توەە دەبەت نەك تا.
*هاپەە 205-نووسیویەتی:_(کچە هەرزەکارەکەی لەگەە خەی هەنابوو کەزانکەی تەواو کردبوو). کەسەك زانکە تەواو بکات تەمەنی هەشتا هەرلەهەرزەکاریدایە؟.
*هاپەە 218-نووسیویەتی:_(هەموو جەستەم نغرەی ئارەقەی جەستەی خەم ببوو).دیارەکارەکتەرەی ەەمانەکەی ئەو بەەزە دووجەستەی هەبووە!!.
هاپەەە220-نووسیویەتی:_(بەنازلەژنی دووەمی باوکی سەرکەوت بوو).کەچی بیری چەتەوە پەشترچی وتووە ئەمجارەیان لەهاپەەە228 نووسیویەتی:(بەنازوخوشکەکانی لەژنی یەکەمی بوون).

*هاپەە 229-نووسیویەتی:_(ئاگرلەجەستەم دەچەەا).وەك ئەوەی ئاگر ئاو بەت چەەاوەی هەبەت.
*هاپەە 244-نووسیویەتی:_(شەرە ئازاکە _ەەوی دارستان_ گورگی تەنوو).شەرهەیە ترسنەك بەت؟.
*هاپەەە267-نووسیویەتی:_(مرەڤەکان وەك ئەوەی تفیان لەزاری یەکتری نابەت وەك یەك بیردەکەنەوە). خوەنەری بەەزتفی ناودەم هیچ پەیوەندی بەبیرکردنەوەهەیە؟.
*هاپەەە282-نووسیویەتی:_(بەنی بوخورەکی گران بەها لووتەکانمی پە کرد) سەرنج لەلووتەکانی بدەن کە بەکەی نووسیوە.
*لاپەەە287-نووسیویەتی-:(وەك ژیلەمەیەك ئەدرەوشایەوە).نووسەر جیاوازی لە نەوان درەوشانەوەو گەشانەوە نەکردووە. وادەزانەت هەردووکییان هەریەکن!!.
*هاپەەە303_نووسیویەتی:_(غەبەبەکی ناوازە!).
*هاپەەە335-نووسیویەتی:_(لووتەکانی پەکردم). مرەڤ تەنها لووتەکی هەیە.

*هاپەە 338-نووسیویەتی:_(دەم وچاوەکی پانی پەوەبوو).تا ئەستا دەیان ەەمان و هەزاران هاپەەی ەەمانەکانم خوەندوونەتەوە، هەرگیز

نەمبینیوە نووسەرێك هێندە کێلەوارو نەزان بێت لەزمان، بەم شێوەیە وەسفی دەم و چاوی مرۆڤ بکات. وەك ئەوەی دەم و چاوی مرۆڤ دەعامی ئوتومبێل بێت. کەی مەبەستی بوو بەیەکی جوانتری بگۆڕێت.چونکە دەم وچاوێکی پانی پڕوەبووە. مادام پڕوەبوونیشە، کەواتە دەتوانرێت هەرکات مەبەست بێت لێی بکرێتەوەو یەکێکی تر بخرێتە شوێنی!.
ئەمانە بەشَێك بوو لەوسەرنجانەی کەوتنە بەرچاوم. دڵنیام ئەگەرجارێکی تریش ڕۆمانەکە بخوێنمەوە، هەڵەی زۆرتریش دەبینم. ناکرێت هەرکەسێك بابەتێکی بیست، یاخود بیرکەیەك لەمشکی دابوو،بیکاتە بەناوڕۆمان .

ئەم جۆرە دەقانە زمانی کوردی وێران دەکەن. هەرلەو ڕوانگەیەشەوەیە ئێستاو داهاتووش بەسەریان دەکەمەوە. نەك کەسانێك بۆن بەهۆی نەزانیانەوە بێت لەڕۆمان، یاخود هاوڕێیەتییان لەگەڵ بنووسی ئەوجۆرە دەقانە، پەسنی بکەن و بەشان و باڵی دەقەکەو نووسەرەکەشی هەڵبدەن و ئەوانیش چەندین دەقی دیکەی لەو شێوەیە، چاپ و باڵاو بکەنەوە. ئەم جۆرە بنووسانە،لەڕاستیدا وەك مەلەوانێکی نەزان وان لەدەریایەکی قووڵدا. ئەگەرکەسێك مەلەوانی نەزانێت چی لێدێت؟ بێگومان دەخنکێ.زمانیش وایە، ئەگەرنووسەرشارەزای هەموسووچێکی نەبوو، دەسەڵاتی بەسەر گوزارشت ودەربڕیندا نەشکا و ڕۆمانیشی نووسی، ئەوا وەك مەلەوانە نەزانەکەی لێدێت.دواجار دەمەوێ ئاماژە بەوە بدەم کەئەم ڕۆمانە گەرچی پڕداچوونەوەی زمانەوانی و ڕێنووس و هەڵەچنیشی بۆ کراوە،بەڵام لەچەندین شوێنی ڕۆمانەکە هەڵەی ڕێنووس وچاپ دەبینرێن.هەموو ئەمانەشم لای خۆم تۆمارکردوون. دواجار پێشنیارم بۆ ئەوجۆرە نووسەرانە ئەوەیە، تالەتوانایاندایە بخوێننەوە، تابزانن چۆن وشە دەخەنە ڕستەوەو لەچ شوێن و جێگەیەکی زماندا، وشەی شیاوو گونجاو بدەربڕین هەڵدەبژێرن. چونکە نووسینی ڕۆمان قسە ڕۆزکردن نییەو هونەری دەربڕینە.دەربڕینێك کەسەرنجی خوێنەرابکێشێت و چێژی لێوەرگرێت.زمانەکەی بەبرشتتر بکات. نەك ئەوەشی کەدەیزانێت بەهۆکاری خوێنەوەی ئەوبەناو ڕۆمانانە لەبیری بچێتەوە…

*پەراوێز/ سیسەمی خوێناوی/ڕۆمان –نووسینی جەبار عوسمان/باوکردنەوەی دەزگای جەمال عیرفان 2017.

* ئەم بابەتە لەژمارەی ئەدەبی ڕۆژنامەی(هەولێر) ژمارە(2924) ی ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی 2- 9-2018باوکراوەتەوە..

سەدیق سەعید ڕواندزی

ئاپۆینی سوخمە زەردەکان لە فەرەنسا و هۆلەند و چەند نیگایەک! … ئاسۆ حامدی

(بە زمانی فەرەنسی و
Gilets Jaunes
بە زمانی هۆلەندی
)Gele Hesjes

_____

دیسانەوە مژوو بە چەندین جار خۆی دووبارە کردەوە و کرێکارانی فەرەنسی نەوەی بلانکی و کۆماندارەکانی پاریس- نەوەی ئاڵا سوورەکان وسرووەدی ئۆژیەن پۆتیە- وەک هاوبەری کرێکاران و بزوتنەوەی ناڕەزایەتی کرێکاری دژی سیاسەتی ئابووری ماکرۆن و حکومەتەکەی هاتنە مەیدان و بە ناوی بزوتنەوەی سوخمە زەردەکان لە دوا نیوەڕۆی شەممەدا بە هەزاران کرێکارانی ناڕازی هاتنە مەیدان لە گۆڕپانەکانی پاریس. پۆلیس و پارێزەرانی سەرمایە و دەوڵەتی ماکرۆن بە تونددترین شێوە هێرشی سەرکوت وکۆتایی هێنانی ناڕەزایەتیەکانیان دا و پۆلامارێکی نا دیموکراسی و نا عەدالەتی کۆمەڵایەتی بەنام لەم لاشەوە کرێکاران و خەڵکی ناڕازی وەڵامی دروستیان دایەوە و چەندین کەس لە هەردوو بەرە بریندار بوون و لە یەکشەممە کە دەکاتە 2دیسەمبەری 2018 یەکە لە بریندارانی کرێکارانی ناڕازی گیانی بەخشی. هەر لە شەممەدا کرێکارانی هۆلەند لە شارەکانی ماستریخت و دەنهاغ هاتنە سەر شەقام و پشتیوانی بزوتنەوەی سوخمە زەردەکانیان کرد و بە هەمان شێوە هاتنە مەیدان و ڕەخنەی تونديان لە سیاسەتی ئابووری مارک ڕووتە گرت.

دوای گران بوونی نرخی سووتەمەنی و زیاد بوونی باج لەسەر خەڵک و زەربەی کرێکاران و خەڵکی هەژاری فەرەنسا توانای بەردەوامی ژیانیان نیە و ناتوانن بگەن بە سەری مانگ و داهاتی کۆمایەتی مرۆڤەکان ڕوو لە نزمی دەکات. لەلایەکی تر دەوڵەمەند و سەرمایەداران زیاتر دەوڵەمەند دەبن و سەرمایەکانیان دەچێتە سەر.

یەکێ لە کرێکارانی ئازادی لە وڵامی ڕۆژنامەنووسێ بڕچی توند و تیژی بەکاردێنن، کرێکارێکی ووتی ئێوە دەوڵەتە توند و تیژی بەکاردێنی بەرامبەر ئێمەی ئۆگر دەوڵەت گوێ لە ئێمە نۆگرە و هیچ شۆشکیش بە توند و تیژی نابێ. بە واقع ئازادی و دیموکراسی سەرمایەداری هەروەکو مارکس وەسفی دەکرد کە شعاری شۆشی دیموکراسی بۆرژازی لە واقع وایە (پیادە، ئەسپ سواری و مەدفع) ، ئێم هەرشە توندەی پۆلیسی ووڵاتێ کە ئازادی و دیموکراسی سەرمایە بەیان دەکات زیندوو ترین نموونەی یەتی واقعیەتیی ئاستی تێزکانی مارکس بە چەند بارە دەکاتەوە.

لە هەڵەندا کرێکارانی ئازادی بە هەمان شێوە دەستیان بە هاوار و ناڕازایەتی کردوو بە هەمان شێوەی سوخمە زەردەکان داواکاریەکانیان بەرزکردەوە.
کرێکارانی فەرەنسی لە مێژووی سیاسی و بزوتنەوەی کرێکاریان هەردەم تووشی توند و تیژی دەبنەوە و ئەوانیش دەست دەکەنەوە و هەروا بە ئاسانی سەرمایەداران و دام و دەزگاکانی پۆلیس لە دەستیان دەرناچن.

یەکێتیە کریکاریەکان و کۆمۆنیستەکان و سوسیالیستە فەرەنساویەکان مێژوویەکی پرشنگداریان هەیە و هەرگیز ئەدەبیات و میدیای سەرمایەداری بەم هەموو زەبەلاحیەوە نەیتوانیوە ئەم ڕووە پرشنگداریە لەکەدار بکات. ئەمەش کەم نیە و سەرکەوتنێکی گەورەیە. لەگەڵ هەموو ئەوانەش هوندر بە هەموو شێوەکانیەوە لە پاڵ ئەم ناڕازایەتیانە شان بە شانی کرێکاران بەشداریەکی جدی کردووە، چ بە گۆرانی و مۆسیقا و چ بە نووسین و شێوەکاری فەرەنساویەکان هەردەم لە پاڵ ناڕازایەتیەکانی کرێکارانەوە وەستاونەتەوە.

کرێکارانی ئۆروپایی جا چ هەڵەندی و ئەڵمانی و ئیتالیای و ئیسپانیایی و سویدی بێ، هەموویان زۆر بە هەشیاری لە یەکێتی چینایەتی دەگەن و لە کاتی پێویست دا دێنە مەیدان و وجودی خۆیان دەسەلمێنن.
پشتیوان و هاتنە مەیدانی کرێکارانی هەڵەند بە هەمان ناو و شێوە سوخمە زەردەکان نموونەیەکی زیندووە لە هاوپشتی و یەکێتی چینایەتی و بە هەشیاریەوە لەم کاتەدا، مێژووی ناڕازایەتیەکان هەردەم قوربانی ویستووەو دەبە بەرام دەسکەوتەکانی ڕاپەڕین و مانگرتنە کرێکاریەکان هەردەم زەمانەتی ئەم بیمە سوسیال و کۆمەڵایەتیە یە کە کرێکاران لە ئۆروپا هەروا هەواش هەواش لە ووڵاتە جیاجیاکاندا هەرشی دەکرێتە سەر. سەرمایە لە هەرشە و کرێکاران لە بەرگری دان.

بەرگریەک کە جیایە لە سەردەمکانی پێشووی مێژووی کرێکاران و کەمۆنیستەکان بەڵام لە واقع یەک ئامانجیان هەیە. کرێکاران لەم نەوەد تەنها نین و چەپ و کەمۆنیستەکان لە هەموو ئاستەکاندا پشتیوانیانن بۆ هەموو جەنگ و ڕوویەکیانەوە. هەر چەند ماکرۆن و ڕووتە بۆ هەزبن بڕیام خۆ بە رامبەر شۆڕشی نائازایەتی پاریسیەکانی نەوەی کۆمانداڕکان و کرێکارانی هەڵەندی نەوەی گەنگرەی ئینتەرناسیونالی دووەم (کە لە دەنهاغ بوو) ناگرن. مێژووش گەواهی ئەوەی داوە و بێگۆ نەویستن. سەرکەوتنی بزوتنەوەی سوخمە زەردەکان دەتوانێ سنوور ببڕێ و یەکێتی ئینتەرناسیونالی بۆ هەز بکات، ئەم سەروەریە مێژوویەش بۆ هەموو چینی کرێکار بڕیاریەتی کرێکاران و خەڵکی نائازی فەرەنساوی.

ئاسۆ حامدی

کەنعان مەدحەت... لە شیعردا خەونەکانی دێتە دی .. ... لەتیف بێوار

وابزانم ئەمەش بە دەردی ئەو پەندە چووین کە دەڵێت(ئەوەی لەبەر چاوانە لە بەر دڵانە)، شاعیر کەنعان مەدحەتی دەقەری گەرمیان بە هەی دوورکەوتنەوەو ژیانی غوربەتیەوە لە یادمان چوو، هەرچەندە ئەو جوانیش بنووسێت، کە ئەمە جێی داخ و ئەسەفە.
یەکەم دیوانی شیعری ئەم شاعیرە لە ساڵی 1988 لە چاپخانەی ئارارات لە وڵاتی سوید چاپکرا بە ناوی (گەڵان بە دوای بەهجەت حیکمەت)، پاش ئەویش دیوانێکی تری خۆی لە چاپخانەی روسینکور لە شاری مالمۆی سوید بە چاپگەیاند بە ناوی (چلەی شۆش و زیندووکردنەوەی سەردەمی ئیمارەتەکان) کە 28 قەسیدە لە خۆ دەگرێت.
ئەم کورتە باسەی سەرەوە بەس دەرروازەیەکە بۆ چوونە ناو بابەتە سەرەکییەکە، کە لێدوانە لە دوا شیعری کە لە ماڵپەری (دەنگەکان) بڵاوی کردبووەوە و بەرواری نووسینی ساڵی 2015ی بەسەرەوەیە.
وەڵای ئەوەی لەو شیعرەدا چەند هەڵەیەکی ڕێزمانی تێدایە کە ئەویش

ڕەنگە هۆکەی دابڕانی شاعیر بۆت لە مەیدانی ئەدەبی کوردی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، بەڵام ئەمە زۆر گرنگ نییە، چونکە ئەو دەقە گەر جوان بێت منی خوێنەر لە زیهنمدا وشەکان بە پێکهاتەی دروستی ڕێزمانییەوە دادەڕژمەوەو پاشان لێی ڕادەمێنم.
با سەرەتا شیعرەکە لێرەدا دابنێینەوە بە شێوەی نووسینی شاعیرەکەی :

سەرهەڵگرتن ... هەناوی کەنعان مودحەت
..
ڕاپەڕی و
لە دەرگای دەروە خزایە نادیاریی دڵکەدا
بە ئاوی – بە پەویستییەکانا بچێتەوە و –
بزانێ،
ئایە تەباخە داگیرساوەکەی کوژاند
یان بڵێی ئاوی گەرماوەکەی بەست
یان نا
نە گەڕایەوە
لایە لە دەرگا ڕاوەکەی بکا
بزانێ ئایە دایخست
یان هەر بە کراوەیی
ڕادەستی با و
خواستەکانی ڕۆژگاری کرد
بە تەنیشت سەگێ بە لانوازەکەیدا
تێپەڕی
نە ماڵئاویی و
نە دەستکی بەزەیی
زەر مات
سەگێ، پێچەوانەی هەر جارێ
هەر وەڵی و
زەریش وەڵی
ئەو بە نادیاریا
هەدی هەدی و
قووڵ و قووڵتر شەدەبووە
تا پەناوە کۆنەکانی
ئەوانەی لە مژووڵ پێیان دەگوشی
بە هەنگاوەکانیا نووران
ڕایگرن

چەن تاوەرێکی لێ دوند بەربوو
گرمەڵەی دڵهات و
هەر خوار دەبو و
هەر خوار
سەرهەڵگری تەریک
وای نەدەزانی زەر دوور دەکەوێتەوە
ساڵ
مانگ
هەنگ لە کاژمێری کەمتر
هەر زەر زو و
زووتر دەگەڕێتەوە
سەگ بە لانەوازەکەی لێ ئامێز دەگرێ و
ماڵ چۆڵکەی... سەرلەنوی
ئاوەدان دەکاتەوە

هێنراوەی کێنعان مودحەت
نۆڤەمبەری ۲۰۱۵
کفری
.....
لێرەدا دوای پێداچوونەوەی زمانەوانی دەقەکە دەنووسینەوە تا زیاتر رەونەقەکەی بەدەستبێنێتەوەو سەرنجی خوێنەر ڕابکێشێت:

سەرهەڵگرتن ... هێنراوەی کێنعان مودحەت
.....

راپەڕی و
لە دەرگای دەرەوە خزایە نادیارییەوە دەڵێ
بە ئەوەی – بە پەویستییەکانا بچێتەوە و –
بزانێ،
ئایە تەباخە داگیرساوەکەی کوژاندووەتەوە؟
یان بەڕەی ئاوی گەرماوەکەی بەستووە؟
یان نا!
نە گەڕایەوە
سەیری دەرگا ڕزیوەکەی بکا
بزانێ ئایا دایخستووە؟
یان هەر بە کراوەیی
ڕادەستی با و
خواستەکانی ڕۆژگاری کردووە؟

بۆ تۆنیشت سەگێ لانەوازەکێیدا
تەپڵەی
نە ماڵئاویی و
نە دەستەکی بەزەیی...
*
زەر مات
سەگێ، پەچەوانەی هەر جارێ
هەر وەڵەی و
زەریش وەڵەی
ئەو بە نادیاریا
هەدی هەدی و
قووڵ و قووڵتر شەدەبووەوە
تەنانەت پەڵاوێ کەنەکانی
کە لە مژێ پەیان دەگوشی
بە هەنگاوەکانی نەوەران
کە ئایبگرن
وەك تاوێرەکی لە دوند بەربووی
گرمەڵە بوو
هەر خوار دەبوو
هەر خوار
*
سەرهەڵگری تەریک
وای نەدەزانی زەر دوور دەکەوێتەوە
ساڵێ
مانگێ
هەنگێ لە کاژمێرێ کەمتر
هەر زەر زوو
زووتر بگەڕێتەوە
سەگێ لانەوازەکەی لە ئامێز دەگرێ و
ماڵێ چەپکەکەی... سەرلەنوێ
ئاوەدان دەکاتەوە

هەنراوەی کێنعان مودحەت
نۆڤەمبەری ٢٠١٥
کفری
.....
ئەم شیعرە نەفەسەکی مرۆڤی جیهانیی دەدات، ئەو مرۆڤەی لە نێو

بزربوونەکاندا خۆشی لێ وون دەبێت، ناسنامەکان تێکەڵاو دەکات و بەوای بە خۆشی نییە بگەڕێتەوە بۆ ڕەسەنایەتی خودو سەرچاوەی ئیلهام و ژینگەی منداڵیی و یادەوەرییەکانی، تەنانەت بە جۆرێك باری دەروونی تێکدەچێت تا ئەو ڕادەیەی دنیا نابێت کە دەواتە دەرەوە دەرگاکانی داخستبێت، بۆیە دەبێت بگەڕێتەوەو جارێکی تر تەماشایان بکات تا دنیا بێت، ئەمەیە لوتکەی نادنیایی و گومان، ئەمەیە ڕچوون بە ناخی خودداو توشبوونی دۆخی نائارامی دەروونیی و دابڕین لە واقیی دەرەوە، ئەو هەمیشە بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ باری ئاسایی خودی ڕاستەقینەی خۆی، خەیاڵێك لە هزریدا ئامادەیە کە شوێنگەی لە دایکبوونیەتی، بەڵام ئیغراکردنەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگای مۆدێرن وابەستەی دەکەن بەو ژینگەیەی لاشەی تیایدا ئاسوودەیەو هیچ کەموکوڕییەکی مادی نییە، بەڵام بۆشاییە گیانییەکان زۆر بەربڵاون لەو ژینگەی تاوگەو ئێگزایەدا، بەڵام هەمیشە خەیاڵێك لە بوونیدا هەیە کە خەیاڵی گەڕانەوەیە بۆ یادەوەرییە بزرەکان و خودی یەکەمین.
زمانی ئەم قەسیدەیە زمانێکی جوان و باڵایەو ئەو دالانەش بەکاریهێناون هی خودی شاعیرن و کەم شاعیری تر بەکاریهێناون وەك (تەباخی داگیرساو، دەرگای ڕزیو، سەگی لانەواز…) پاشان ئەم هێنراوەیە هەر لەیەکەم دێڕیەوە دیارە هەڤاوی سروشتی ناخی شاعیرەو هیچ چاولێکەریی شاعیرانی تری پێوە دیار نییە.
بەم شێوازە زۆر کارامەیەی تێکەڵاوی دوو دنیای جیاوازی کردووە، خەیاڵ و واقیع، وێنا و ئاوارەیی، ناموێیی و ئاشنایی.. بەلام لە کۆتاییدا شاعیر لەگەڵ پرسیارەکانی خۆیدا جێماندێت و ناگەینە کەناری ئارامیی و وەڵامی پرسیارە بۆ وەڵامەکان، خوێنەر خۆی دەبێت کۆتاییەکان بنووسێتەوەو بە مەیلی خۆی بەرەنجامی بنووسێتەوە، ئەو جیهانە وێرانە لانەوازەی لە دەرەوە جوانەو لە ناوەوەوش خاپوور، پڕ لەسەدای دەروونێك لە تەنیاییەکاندا لەگەڵ خۆیدا دەدوێ.
ئاوها قەشەنگ بە (ڕاچەکین) دەست پێدەکات، بەو مانایەی لە خەیاڵ و خەوندا لە نیو خۆی و یادەوەرییەکاندا بووە.. بە (گەڕانەوەو ئاوەدانکردنەوە)ش کۆتایی پێ دێنێت، بەلام چ جۆرو لە کوێ؟ ئەمەیە پرسیارە ئاستەم و بێ وەڵامەکە.

لە وەرگێڕاندا؛ چی ماوە و، چی کراوە؟! ... سەنگەر حەسەن

هەبەتە وەکو ئاشکرایە دەتوانین شێوازی وەرگێڕان بکەین بە دوو بەشی سەرەکی، وەرگێڕان لەزمانەکانی بێگانە بۆ کوردی، وە لەزمانی کوردییەوە بۆ زمانەکانی بێگانە. سەرەتا ئەوەی یەکەم بەشە هەرە باوەکەیە، واتە زۆری وەرگێڕەکان، کە وەرگێڕان دەکەن، سەرەتا لەزمانەکانی بێگانەوە دەست پێدەکەن، بەم پێیە ئەمە ئاسانترین جۆری وەرگێڕانە.
وەرگێڕ بەئاسانی دەتوانێت جۆری ڕستەو شێوازی بیان کردن و دەمی کارەکان بناسێتەوەو جارێکی تر لەسیاقی زمانی دایك دا سەرلەنوێ دایانبڕێژێتەوە، جگە لەمەش، دەبێ خوێنەری کوردی زمان نەتوانێت وەرگێڕانەکەت بەراورد بکات لەگەڵ دەقە ئەسڵییەکە، بەتام خوێنەری زمانی بێگانە زۆر ئاسان دەپرژێتە سەر هەڵەکان.
چیمان وەرگێڕاوە؟ جاران گلەییمان دەکرد کەهەرتەنها شیعرمان هەیە، ئەستاش شتێکی وا لەهاوکێشەکە نەگێڕاوە، ئەوەتانە بەلەشاو هەمان خراوەتە سەر زمانی کوردی و تا ئێستا بە شومار ئیشی لەسەر دەکرێت. ئەمە شتێکی خراپ نییە، گەر بێت و کەسانی پسپۆڕ لەم بوارە پێی هەڵسن، لەهەمان کاتدا کەسانی پسپۆڕ لەبوارەکانی تریش بە ئەرکی خۆیان هەڵسن. تاك و تەرا کتێبی زانستی دەبینین، هەژانەش ئەم هەموو دکتۆرا و ماستەرە لەم لا بوستە!

تا ئێستا شاکارە جیهانییەکان زۆری وەرگێڕاوە و بگرە هەیانە زیاتر لەچەند وەرگێڕانێکی بکراوە. بەهەمان شێوە بە تایبەتە نوێیەکان، کەهەژانە دەخرێتە نێو کتێبخانەی کوردی و ئەوانەش لەساتی ئەم نووسینەدا ئیشی لەسەر دەکرێت. ئەوەش تا ئێستا کتێبخانەی کوردی بەدەستییەوە دەنالێنێت، کەمی سەرچاوە زانستییەکانە. لەسەرووی هەموشیانەوە زانستەکانی وەکو کیمیا، فیزیا، زیندەزانی و بیرکاری.. ئاخە دەبێت هەکاری سەرەکی کەمی وەرگێڕان لەم بوارەدا چی بێت؟! تەبەی خوێنەرمان نەبێت لەم بوارانەدا؟ بگومان نەخێر، بگرە لەئێستادا بێتە یەکێك لەپەداویستیە سەرەکییەکان، ئەمیش بەهەی ئەو شاڕاوە تەکنەلەجی و زانستییەی ئێستا هەووی تەکردووین، سەرنج بدە، دەتوانی چەند کتێب بدەزیتەوە لەبوارەکانی دیزاین و بەرنامە نوسکانی کەمپیوتەرەوە.. چەند کتێب لەبوارەکانی نەوت و ئەندازیاری و بەشەکانی تری زانست

بدەزینەوە؟!.. لەگەڵ هەبوونی ئەم هەموو بۆشایانە لەم هەموو کەلێنە زۆرە لەم هەرەمە چکۆلانەدا.. لەلایەکی تر ئێستا هەندێك کەس و کۆمەڵ و لایەن پەیدابوونو بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە گوایە کتێبخانەی کوردیش، لەبابەتە زانستییەکاندا بەرەو پێشچوونو کار گەیشتۆتە ئەوەی بڵێن: لەئاستێکی باش دایە! یانی گەر چەند کتێبێك لەبارەی فیزیاوە خرایە سەر زمانی کوردی، مانای وایە ئیتر تەواو لەم بوارەدا کێشەمان نەماە! بە بەرچاو ڕوونیش، نزیکەی سەرجەمی کتێبە زانستییە وەرگێڕدراوەکان، کتێبی گشتین، نەوەك تایبەت.

گشتی بەمانای ئەوەی کتێبێك باسی تەواوی زانستی کیمیا یان فیزیا دەکات.. بەڵام پێویستە بپرسین هەرێك لەم زانستانە چەندە لقی لێدەبێتەوە، ئەوا هیچ نەبێت بەلایەنی کەم پێویستە لەبارەی هەموویانەوە سەرچاوەمان هەبێت. بۆنموونە: لەبابەتێکی وەکو فیزیا، پێویستە سەرچاوەمان لەسەر هەرێك لەبابەتەکانی وەکو: کارەبا، موگناتیس، شەپۆلەکان، کێشکردن، تیری ڕژێبی، بینایییزانی، ڕووناکی، کارەموگناتیسی، هێزی لێکخشاندن، بزوێنەرەکان، لەرینەوە، جووڵە، گەرمی، دەنگ، خەرایی...
بەڵام وەکو ئاماژەی پێدرا، ئەو سەرچاوانەی کە بەردەستن، نزیکەی سەرجەمی باسی تەواوی بابەتەکە دەکەن، بە چارسەرکردنی ئەم کێشەیەش، دەکرێت سوودێکی زۆر لەزانکۆکان ببینرێت و ببن بە کاراترین ناوەند لە بواردا، لەم ڕووەوەش دەکرێت چەندەها ڕێگای خەراو سەرکەوتوو بگرێتە بەر.

خەڵگێر باسی وەرگێڕان بکەین لە زمانی کوردی بە زمانەکانی تری بگانە، ئەوا تا ئێستا تەنانەت مشتێکیش لەخەرمانە نەکراوە! ئەوەش کراوە لەچەند کارێکی ئەدەبی تێپەڕناکات. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە یەکێکە لەهەکارە هەرە گرنگەکانی ناساندنی گەلەکەمان. دەکرێت ئەوانەش کەمێك بەووە لەم بوارە، بڵێین نووسەری کوردن، ئەوانەی بەزمانی بگانە دەنووسن. زیاد لەوە وەکو وتمان لەبواری وەرگێڕاندا لەزمانی کوردی بە زمانەکانی تری بگانە تا ئێستا لەچەند بابەتێکی ئەدەبی تێپەڕ ناکات. باشە ئەی گەر بگانەیە ویستی لەبارەی مێژوو، کلتوور، جوگرافیا...ی کوردان بزانێت، ئاخۆ هەر دەبێت پەنا بباتە بەر بگانە، ئەوانەی تا ئێستا بەئاستەی مەشکی خەیان مێژووی ئەمەیان نووسیوەتەوە.

ئەگەر جاری جاران واپێویستی دەکرد بە وەرگێڕان لەزمانی کوردی بە زمانانی بگانە، سەرەتا مێژووی کورد وەربگێڕدرێت و باسی نەهامەتی و ناسەریەکانی کورد بکرێت.. ئەنگە ئێستا ئەم تگەیشتنە تەواو

گەلانی بەسەردا هاتبێت و پێویست بکات دەست بکەین بە وەرگەڕانی شاکارەکانمان بۆ زمانانی بێگانە و جیهان بەمجۆرەو لەم ڕێگەیەوە تامەزۆی مێژووی کورد بکەین.

سەنگەر حەسەن – خوێندکاری ماستەر (زانکۆی سەڵاحەددین)

سەردانەکەی بارزانی بۆ بۆغدا: بۆ تۆپێ یەکان تۆبۆ...؟ .... موزەفەر عەبدوڵا

لە ڕۆژی ٢٢ مانگەوە کە مەسعود بارزانی و شاندێ یاوەرەکەی لە کۆگەلی بنەماڵەو قۆمو قیلە سەردانی بۆغدایان کردەوە هەتا ئیستاش ئەم سەردانە بۆتە هۆداو و هەواڵی گەرمی دۆزگاکانی ڕاگەیاندنو جیگای پرسڕا گەرینەوە لە ئاستی کوردستان.بۆ تایبەتی لە لایەن دۆزگاکانی ڕاگەیاندن و نوسەرو ڕۆژنامەنوس و چاودیران و ڕەشنبیران ، هەتا دێگاتە گەورە ئەکادیمی یەکانیان.وە لە گەشە نیگای جیاجیاوە ئەم سەردانە شرۆڤەدەکەنو ڕای لێبارەوە دەدەن.

سەردانەکە وا وێنە دەکەن کە یەکیکە لەسەردانە دیبلۆماسی و سیاسی یە سەرکەوتوە دانیسقەکان نێک هەر لە ئاستی کوردستان و ناوچەکە بەڵکو لە ئاستی جیهانیش.وە پێیان وایە نێک هەر لەم سەردەمە بەڵکو لە میژوشدا دێگمەن بوە سەرکردەیەکی حزبی وەک بارزانی بەم شیوازە نێک هەر بەرپرسانی حزبی بەڵکو بەرپرسانی دەوڵەت و حکومەت و پەرلەمان ڕاخستنی فەرشی سورو ڕیورەسمی فەرمی و پرۆتۆکۆلی و بۆپێی ئامادەباشی یەوە پیشوازی لێ بکریت.
بەم شێوە موبالەغە ئامیزو گرینگیدانە بە ڕواڵەتە دیانوەت وا نیشان بدەن وەک ئەوەی بارزانی لەم سەردانەی چوە بۆ سەرزەنشت کردن و ناڕازایەتی دەربرین، وتەنانەت تەلە سندنەوە لەسەرانی دەسەڵاتی قۆمی وتایەفی و خەڵکی بۆغدا، کە ساڵێک لەمەوبەر دژی ریفراندەم بون. تەنانەت ڕیفراندەمیان کردە بەهانەیەک بۆ هەڕشکردنە سەر کوردستانو داگیرکردنەوەی نیوەی زیاتری ئەو ناوچانەی لەژیر دەستی

پارتی و هاودەستەکانی بو لە دوای ڕوخانی بەعسەوە.

جا پرسیارەکە لەم پرسەدا ئەوەیە ئاخۆ بە ڕاستی ئەم سەردانەی بارزانی بۆ بەغدا بۆ ناڕازایەتی و تێکدانی سەندنەوەیە یا تەبە کردن لەسەر دەستی سەرانی قەومی و تایەفی وەک عامری و حەلبوسی و عەبادی و مالکی؟!
بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەو ڕاشنکردنەوەی مەغزای سیاسی ئەم سەردانە وا پیویستە بە کورتی ئاماژە بە چەند خاڵێک بکەین:
خاڵی یەکەم: خودی دەستواژەو کۆنکرێتی- مفهوم و نزعة – تێکۆشانە کە یەکێکە لە تایبەتمەندی یەکانی ناوەڕۆکی دابو نەریتی سیاسی وکۆمەڵایەتی هەردو بەرەی ئەمدەساتەو دەستەو تاقمە بنەماڵەیی و خێزانکی و قەومیەکان لە بەغداو کوردستان لەم کێشەو ململانی کۆنەپەرستە دژی ئینسانی یەی نیوانیان.
ئەم دەستەو تاقمانە چونکە هیچیان بروایان بە سەرەتاترین ئازادی و یەکسانی سیاسی بە گشتی نی یە بۆیە سەرهەڵدانی کێشەو ململانێ و شەرو کوشتار پاشان تێکۆشانو تەبەش بە یەکتر دەبێتە نزعەو نەریتێکی جیکەوتەیان.دیارە نەک هەر لەنێوان ئەم دوو دەستاتەی بەغداو کوردستان بەڵکو لەنێوان خودی هەمو دەستەوتاقمەکانی خۆشیان.

بە نمونە تاڵەو تەبە لەکاتی کێشەو ململانێ و شەڕکانی نێوان پارتی و یەکێتی وهەردو بنەماڵە لە ساڵانی نەوەتەکانیتایبەتمەندی یەکی میژوویی و بەرچاو یان بوە.
ئەم نزعەو نەریتە بە درێژایی مێژوو لەسەر زاری سەرانی ئەم دەستەو تاقمانە ،جا قەومی و خێزانکی بن یان ئیسلامی و تایەفی سوننی و شیعی ،بەدیکراوە کە دەڵێن تێکۆشانی بەرزبڕە ئەمما بە سەبڕ .یاخود یەکێوتن بە شەرتی تەبە.بە فەرمی ئەم نزعەو نەریتە بەتە جگرەوەی نزعەو نەریتی بروابونو پابەند بون بە ئازادی سیاسی نێوان لایەنە سیاسی یەکانو یەکسانی نێوان مرۆڤکان. بیگومان ئەمش یەکێکە لە تایبەتمەندنی یەکانی دەسەڵاتی فیودالیەکانی سەدەکانی ناوەراست کە هەتا ئەمڕۆش ئەم دەسەڵات و تاقمانە نوێنەرایەتی دەکەن.

خاڵی دوەم ئەوەیە بەهەی ئەوەی بارزانی و پارتی لە بنەڕەتدا مەبەستیان لە ریفراندەم زیاتر بە تێکدانەوە بوو لە دوژمنەکانیان لە بەغداو لە کوردستان.وە لە ئاکامی کێشەوململانی و قێرانەکان و بن بەست بون بو نەک بروا بونو پێوەکردن لە مافیکی سەرەتایی خەڵکی کوردستان. هەر بۆیەش بارزانی و سەرانی تەواوی پارتی و یەکێتی و هەودەستەو تاقمە قەومی وئیسلامی یەکان نە لە پرسی ریفراندەم یەکدەست بونو نە ویستو ئامادەی یان بوو بەرگری لە

ئاکامەکەی بکەن تا بەدیهینانی کە سەربەخۆیی یە .هەر بۆیەهەمو لایەکیان لەسەر بنەمای نەزعەو نەریتی تۆبە مامۆیان لەگەڵ یەکتر دەکەن.

جا لەم قۆناغەدا کە بارزانی سەرۆکایەتی هەندێک سەرکەوتنی ناوخۆیی بەدەست گەیانی هاوکێشە سیاسی یەکان لە ئاستی عێراق و ناوچەکەو جیهان بە زیانی شکایەوە.
بۆیە بە بەدەستهێنانەوەی هاوسەنگی پێشو ئامادەیە لەسەر دەستی سەرانی قەومی و خێڵەکی و ئیسلامی و تایفی بغدا تۆبە بکات.
بەگژش بە ئەم تۆبەیە قسەو لەدوانەکانێتی لەبارەی ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵانەی کە کراوە. بگومانیش بڵای سەرانی بغداوە گەورەترین هەڕەشەی تا دێگاتە تاوان ئەنجامدانی ریفراندەم بوو کە یەکپارچەیی خاکی عێراقی خستە ژێر پرسیارەوە.

دیارە کاتێک بارزانی باس لەهەڵە و ڕاستکردنەوەی دەکات لە هیچ کاتو شوینو دیدارو گفتوگۆیەک لەگەڵ تەواوی سەرانی دەسەلاتی بغدا سەرنجو ڕەخنەو نارەزایەتی دەرنەبریوە بەرامبەر هەڵویستی دژایەتی ئەوانە لە پرسی ریفراندەمو هیشی سەربازی بە سەر کوردستان و داگیرکردنەوەی زیاتر لە نیوە خاکی قەڵەمڕەوی دەسەلاتیان وکوشتن وبرینداربونی سەدان کەسو ئاوارە بونی هەزارانی تر.
بە پێچەوانەی ڕاو بوچونو شرۆڤەکان و ڕاویژکاران و نوسەران و پسپۆرانی سیاسی و ئەکادیمی یەکانی پارتی یەوە کە وای وینا دەکەن وەک ئەوەی بارزانی چوبیت بە تەڵە سەندنەوە بە ئاشکرا تۆبەی خۆی ڕاگەیاندوە.

خاڵی سەهەم کە پەیوستە ئاماژەی پێ بکەین لەبارەی ئەم سەردانەی بارزانی یەوە ئەویە بە پێچەوانەی راوبۆچونەکانی ڕاویژکارانو نوسەرانو ئەکادیمی یەکانی پارتی یەوە کگوایە بە چارەسەری کێشەی هەواسراوەکانی نیوان هەولیرو بغداو تەنانەت ناوچەکەو جیهانیش چوە ئەوانە هیچی فەی بەسەر ڕاستی یەوە نی یە.
راستی یەکەی هەکاری سەردانی بارزانی لە پاڵ ئەوەی کە چوە تۆبە بکات لەسەر دەستی سەرانی دەسەڵاتی بغدا هاوکات بارودۆخی ناوچەیی و نیو دەوڵەتی و دەخاڵەتی زلهێزەکان لە ئەمریکاو روسیاو هاوپەیمانە جیهانی و ناوچەیی و ناوخۆییەکانیان گەیشتە ئاستێک ئەگەری زەری هەیە لە عێراقو کوردستانیش بتەقێتەوە.
وە لەم دۆخەدا ناسیونالیزمی کورد بە سەرکردایەتی پارتی کە لەوپەڕی پەرشو بڵاوی وبە ئاسەیی دان ئەگەری زەری هەیە بە زیانیان بشکێتەوە.

هەر بەیە پارتی وبارزانی ئامادەیە بە مانەوەی هیزو دەسەلاتی خۆی لانی کەم لە ئاستی کوردستاندا بە تایبەتی بەرامبەر نەیارە هاوقەومی یەکانی خۆی نەک بچیتە بەغدا بەڵکو هەر جیگایەکی تر نەک تەبەیەک بەڵکو سەد تەبەو زیاتریش بکات.

مەگەر کامیان بە بارزانی سەختر تر دەستەملکردنەکەی ٣١ ئابی ٩٦ لەگەڵ سەدام یاخود دەستەملانیی عامری و حەلبوسی و عەبادی و مالکی..!
جا لەم هەوەڵ ئەگەر ئەو راویژکارو شرۆڤەکارو نوسەرو ئەکادیمیانەی پارتی بە سەلماندنی سەرکەوتنی سەردانەکەی بارزانی بەغدای راخستنی فەرشی سورو ئامادەباشی ئیورەسمی گەورە و پاسەوان لە پێشوازی دەهینەوە ئەمەش بە بەهیزی پیگەی پارتی و بارزانی لە ئاستی دەسەلاتداری هەریم و هەلبژاردن و تا دەگات وینا کردنی وەک تاکە ریبەری بە فەرمی ناسراوی جولانەوەی قەومی کوردو ..هتد ئەمانە هیچیان نابنە پاساویک بە ئەوەی تەبەکەی بارزانی بشارنەوە کە دەلێت سەردانیان بە بەغداو دیدارەکان بە راست کردنەوەی هەڵەکانە لەم دەرفەتەی هاتۆتە پیشەوە.

دوو شتی تر هەیە لە کۆتایی دا پێویستە ئاماژەی پێبدەین ئەویش پیشوازی کردنی عامری بو بە بارزانی و ئامادەنەبونی سەرکەکەماری عیراق بەرهەم ساڵح بو ،کە برای قەومی و نەیاری بارزانی یە ، مەغزا سیاسیەکەی هەر تەبەکەی بارزانی دەسەلمێنێت..
جا ئەم سەردانەی بارزانی تەڵکارانە یا تەبەکارانە بێت هیچی لە پێناوی بەرژەوەندی یەکانی زۆرایەتی جەماوەری ستەملکراو ئازادیخوازو یەکسانیخوازی کوردستان نی یە بەڵکو تەنها لە پێناوی مانەوەی دەسەڵاتی سەرکوتگەرو گەندەڵ و کۆنەپەرستانەی بنەماڵەیی و خێزانکی و قەومی خیانەت.
دیارە بەهەمان شێوەو ناوەڕۆکەوە ئەم ڕایە بە دەسەلاتدارانی تایفی و قەومی بەغداش هەر وایە.

موزەفەر عەبدوڵا

تێبینی : ئەم نوسینە لە بەڵاوکراوەی بە پێشەوە ژمارە ٤١ بڵاوبۆتەوە.

بـــا بـدم خـرئـــاوابوونـو ئاوابـبين ... نا حـسـن

لـم زمـانـ زنـدقچووـ زريـاناويـيـ
ژيان چيـكى مردنى خـى
بـ بـدنـگى
بـ قـمـكى سپى
لـژـر سـبـرى دارسنـوبـرـك
دـنووسـتـوـو ئاوا دـبـ

ژنـكان نائومـدانـ
بـنـووسـ خـمـشيـيـكانى خـفـت
خـونـ سـربـاوـكانى خـيان
لـنـو دـپـ بارانـكان
دـنووسنـوـو ئاوادـبن

هـور هـگبـى هيواكانى خـى
بـ پـلـكـزـينـ
دـسپـرـ و ئاوادـبـ

ـوونـاكى / ـازـ ـونـقاويـيـكانى خـى
لـنـو قووـايى ـووبارـكان
جـدـهـ و ئاوادـبـ

كاتژمـرـ خـواـووـكان
بـ دـورى
بازنـ خواروخـچـكانى خـيان
دـسووـنـوـ و ئاوادـبن

تريفـ و تـم / تاو تاو
دووردـكـونـوـ و ئاوادـبن

ـژـكان و سا ـكان و سـدـكان
وـكو گـا
بـنـو بادا پـرشوبـاو دـبـنـوـ
ورد ورد
وندـبن و ئاوادـبن

من و تەش
لەنەو
سەودا سەریيەکانی سەفەر و
نەغمە غەمگینەکانی غوربەتدا
غەرقبووین
نامرادانە نەمانتوانی
دوابەشی قەسیدەکانی عەشق
بنووسینەوە
ئیدی لەم سەردەمە
سەرابییە سەرمەستییەی
ونبوون و ئاوابوونەدا
کاتێک /
خاک و خولیاکان
ئایندە و ئارەزووەکان
شکۆ و شوناسەکان
دەبن /
بە پاییزێک لە تەز و غوبار
دەی /
دەبا من و تەش
بە بەدەنگی
هەمن هەمن
لە ئەواریەکی هەناری دا
ببین بە هەم و
بە دەم خەرئاوابوونەوە / ئاوابین …!

ئۆکتۆبەری ۲۰۱۸

جانتاکەی من چیی تێدایە؟ … چنوور نامیق

جانتای ژنێکی خەتابار
چی تێدایە

جگه له سەفتەخەمی پەمەیی
جگه له سەرقاپه بیره و
قەڵەمێکی چاوەشتنی به ئەزموون
و سوراوێکی تا بڕیی تۆخ له ڕەنگی خوێن
جانتای لەبیرچونەوەی ژنێك چی تێدایه
پارچه حەبی خاڵی نوستن نەبێ
سیمای ژنێکی خەتابار چی تێدایه
درێژەردەخەنه نەبێ
ئەی دڵی ئەو چی تێدایه
جگه له بۆن و بەرامەی ترسی عەشق
جانتای ژنێکی ماندوو چاو
هەموو پوچەکانی تیایه
عەشق نەبێ
ئەبێ چی تری تێدابێ؟
ڕەشنوسه دڵاوەکانی شیعر نەبێ
چەند جگەرەیەکی شکاو و
قەڵەمێکی دڕتەی لێو
له ڕەنگی خوێن
حەبه بێدارەکانی نوستن و
مۆبایلێکی
چەند جار شکاوی شەڕەکان نەبێ چی تێدایه؟
چی تێدایه جگه له شیعرەکانی دوای شەڕی
یەکەم و دووەم و سێیەمی جیهانی عەشق
چی تێدایه جانتای ژنێکی دڵشکاو ؟
جگه له حەبی بێداری و قەباغه بیرەی لەبیرچوو و
چەندین جگەرەی وردکراو
و تەسبیحێك؟
ئاخر ئەبێ چی تێدابی
جانتای دوای شەڕی جیهانی سێیەم؟

November/2018/23

شوان حەسەن ... نەقەمبەر

لەنجەولاری ئۆکتۆبەر، هەشتا خەیاڵی گۆماکانی جەنەهەشتووە
هەنگەکانی دەژنەن درزی سپەدەیەک
لەوە، خەم بە ملە باریکەکەی مانگ وەدەکەم
تا قاچە تەزیووەکانی نەقەمبەری پە گەرم بکەموە...
مەترسن هوناکی بە ئاگاناهێنم

چەلەکەیەکم بە دوای ئەو دەنکە گەنمەدا دەگۆڕم
کە شەختە چەندان وەنەی لەسەر گرتووە
سروشت، بۆ سروشت...
ئەو بەشەک لە کات و ساتی یارییەکان دیاری دەکات

ئەو دەڕپانەی لە چلورەی درەختەکانی سەر هەگادا دەبارین
هەدی هەدی لە بە نازیدا دەبوون بە شیعر و
چاوی گەیایە مردووەکانیان دەشوشت
لە لاپەیەکەی ئەولاتر
شەقام هەشتا قاوەی بەیانی نەخواردبوو
گەڵپی سەیارەکان بە وریاییەوە، تاریکیان بەدوای خەیاندا هادەکەشا
ئەو دراوسێیەی
هەموو بەیانیەک پشوویەک بە سەگەکەی دەدات
دەبە جگە لە من چاوەڕوانی چەند کەسیتر بێت
تا بەیانی باشیان لەبکات؟
دەزانی ئەو، ئەو هەژانەش هەر لەوێیە
کە نەقەمبەر کراسەکی هەشی تەڵ تەڵی پەشیوە
ئەستا دەبە ددان بەوە دابنێم
ئەو هەژە پەنجە تەزیوەکەی جوانیم تەراند
کە پەمگوت:
ببورە ، تە سەگەکە دەهەنیتە دەرەوە، یان ئەو تە دەهەنێتە دەرەوە؟

نەقەمبەر من جەستەیەکی هاهاتووم و
لە شەقار، شەقاری زەوی، هەگم دزیوە
لە ناخەشترین ساتدا
لەسەر جەستەی ماچ
مەمەک دا دەگیرسێنم و
سێیری فیلمەک دەکەم
دەزانی هاوەم، لەرە وەرزەکان چیتر لەماڵەوە بە ئاگامان ناهێنن و

لەوانەیە ئەوان دەستەمە ببن و حەز لەسەرتاتکە نەکەن؟
دونیە کە دواکەوتم لە کار
دەمژمەرکەم لە قەڵەی درەختەک کرد
تا لە ساتەکانت بگەم
بە خەیشم دەمزانی خەیاڵەکی منداڵانە بوو
ئە چی بکەم لەزمانت ناگەم؟
کە دەیتە ماڵەکەم
لە ترسی تاریکی و تەنیایی ناچیتە دەرەوە و
لەتەکم ڕادەکشێیت
کە دەچمە دەروەش، دەبیت بە سەبەرەکی شەرمن و
لەو ساتەی
هەشتا تاریکی بەیانی جەی نەهەشتووە
تاریکی ئەوارە بە خەت دا دەدەیت
لەیەک شت دونیا بە، نەقەمبەر
کە دەڵێیت غەم لە مانگەکی تەمەن ناخەم

Shwamhassan@hotmail.com

ئینتەرنێت ... مەولود ئیبراهیم حەسەن

خەشەویستیی..

-١-

ئینتەرنێت..

پەم دەڵێ :

هه موو خەڵک ڕقیان لەتە

تەنیا یەک کەس

تەی خەش دوە ؛

چ خۆش ..

ئەو کەسێ تە بیت .

***

هەوا..

-٢-

ئینتەرنێت ..

پێم دڵێ :

ژنێک پاش هەواڵکی خۆش

تە دەمرێ !

چ خۆش ..

ئەو هەواڵ

هاتنی تە بێت !

-***

دەرمان..

-٣-

ئینتەرنێت پێم دڵێ :

هەموو نەخۆشیەکانت

دەرمانیان هەیە ،

تەنیا یەک نەخۆشی نەبێت !

چ خۆش ..

ئەو نەخۆشیە

خۆشویستی تە بی .

***

وەبیرهێنانەوە..

-٤-

چ خۆش ..

ئینتەرنێت هەرزەکار

برادەرەکم وەبیر دێنێتەوە،

چ خۆشتر بوو..

هەموو بەیانیەکیش تۆ .

***

پێشبینیی..

-٥-

هەموو بەیانیەک ..

ئینتەرنێت پێم دەڵێ:

ڕووی باڵ کام لایە

بەفرچێند دەبارێ

پڵەی گەرماچێندێ

مەودای بینین چەند،

چ خۆش..

چاوی تێش پێم دەڵێ:

تامی ژیان لە چیدایە .

***

لێدایکبوون..

-٦-

هه موو ساڵێ جارێک

ئینتەرنێت

دەژی لە دایکبوونم

وەبیر دەنێتەوە ،

هه موو ترپەیەکی دڵیشم

دەژی خۆشەویستیی تۆ .

***

نوێ بوونەوە..

-٧-

لە گەڵ هه موو

ئادەکی نوێ

برادەرێک زیادەکەم،

لەگەڵ هه موو

یادەکی تۆش

ژیان نوێ دەبێتەوە .

***

ئاد

-٨-

لەوێتی هه م

ئاد دەنیرم..

بەردەوام

ێپەرت دەکرەم ،

تا ئێستا

کەس وەری نەگرتووم !

تۆ یەکجار

قبوولم کە

ژیان لێرەوە دەست پێدەکات .

***

هەولێر – ١/١٢/٢٠١٨